# مەولەوی وە عیرفان
# (نەقدی شیعریکی مەولەوی)

اقبال شاهدوست

ئەم ذاتە مریدی شیخ سراج‌الدین بوە و بەڵگەی گرینگ بۆ ئەم باسە هەڵبەستەکانی ئەون کە پرە لە هەستی بەسۆز بەرامبەر بە (پیر)وە نیشانەی ئەوەن کە مریدیکی چەند رەوشت راستو جوان بوە، ئەگیرنەوە کە مەولەوی شەوانە لە خۆفی خودا و عشقی پیغمبر و علاقە بە اولیاءالله تا بەرەبیان رو بە قبلە دادەنیشت و بە ذیکرو ئەوراد مەشغول بوە، وە بیرێ لە خووا دەکردوتەوە و ئادابی تەریقەتی دەنوسی ولە شیعرەکیدا ئەم باسەی رون کردوتەوە و فەرمویتی:

بەزم هامفەران یار مۆبەت کیش — یەك ئیمشەو دەفێ‌دەرویش، های درویش
باوەر نەکورەی، وەلوەلەی دەفدا — رووی پەندو تەوبیخ وە هەر تەرەفدا
رووی پەند، ئەویاران دل وە جەهدو جەخت — رووی تەوبیخ، ئەولای مەعدوومی بەدبەخت
واچەهەی دلەێ، ئەبلەی بی خەبەر — هووریزساتی تەرك، خاو شیرین‌کەر
شەوەن خەلوەتەن، مال بێ ئەغیارەن — ئالەم گردوتەن، دوس خەبەر دارەن
نەوا میهمان بۆ، بۆ نەوینی کەس — خەفەت بۆ پەرێت تا ئاخر نەفەس
دیدەت تو ز غەیر نیشتەنش وەنە — جە جۆی سەوزەی دل، ئاویش دەرپەنە
وەر تو بینایت پەردەش هانە سەر — ئەو تو موینو جە تو زەریف تەر
ئەمجار یادکەر عومر کە بەس ویەردت — باوەر وە خاتر ناپاکیی کەردەت
سەرئەفگندە بەر چون شەرمەساران — چەمەی چەم هۆرکەر چون سەیل واران

بـەل شـۆرۆ بـەو ئـاو کـەرەم فـراوان   بـــابەت وە بـــابەت سـیاهەی تـاوان

خواڵی خوش بو ئەفەرموێ! ئەی درویش، ئەمشەو، شەوێ بەزمو رابواردنی دوستان و یارانی ئایین خوشەویستە... کە واتە دەفیکی باش لیدە لیـرەدا ئیشارە دەکـات بـەو فەرمودی پـیغەمبەری مـەزن کـە **أنّ مِن عِبادِاللهِ لمأناساً ماهم بأنبِياءٍ ولا شُهداءٍ يغبُطهمُ الانبِياءُ والشُهداءُ يومالقيامةِ بِمكانِهِم مِناللهِ عزّ وجلّ.**

واتە بەراستی لە ناو عەبدو بەندەکانی خوواداکومەلیك هـەن، نـە پـیغەمبەرن، نـە شەهید، بەلام لە روژی قیامەتا، زور لە پیغەمبەران غیبتەیان پێ دەبەن، بە هوی ئەو پلەو پایەوەکە خودا داویەتی بەوان. عەرزیان کرد؟ ئەوانە کێن؟ فەرموی ئەوانە کسانیك لە ئوممەتی منن کە لە بەر خوا، خواو یەکتریان خوش دەوی و ناوچاویان رونەو نووری لێ دەبارێ، ئەم تاقمەکاتیك عالەم مەحزونو غەمبارن ئەوان بێ غەم ئەبن و ئایەتی سورەی (یونس‌ی) بو بـاس کـردن کـە فـەرموویەتی **ألا اِنّ أولياءِاللهِ لا خوفُ عليهم ولاهُم يحزنون**، واتە ئاگادار بن کە خوشەویستانی خوالە روژی قیامەتا هیچ خەوفیان لە سەر نیە و بو هیچ شتیکیش بە پەروش نین.

هەروەها ئەلی، ئەی درویش لە وەلوەلەو هەراو هوریای دەفەکەدا خوت سەرزنشت کەو بڵی ئەی مەعدومی بەدبەخت براکانت دلیان هوشیارە و خەریکی عیبادەتن و تو بی خبر،هەلسە بڵی ئەی خاوەنی دلی نەزان، لە بەر یادی خوا، تاویك هەلسە دەس لە خەوی خوش هەلگرە و بیروەکە لە دوست کە بریتیە لە خوا،کە ئەو دوستەت نەوەك لەو شەوە خەلوەتەدا بیت و ببیت بە میوانت ئەگەر خەوتبیتی ئاگـادار نـابیت، لیـرەدا مـەولەوی مەبەستی زور بوە بلام بیری ئیمە دینیتەوەکە پیغمبری گەورەی ئیسلام ئەفەرمویت **تنزل البركة عِند ذِكرالصالحين** واتە بەرەکت دەباری بە سەر دانیشتوانی ئەو مەجلیسەداکە یادی خوداو رسولو پیاو چاکانی تیا ئەکەن دوبارە مەولەوی نە فسی خوی مەلامەت دەکا و ئەلی ئەی ئینسان سورەی ئیبراهیم بیر خوت بینەرەوە چـون ئـەفەرمویت **لئن**

**شکرتُم لأزیدنکم** ئه‌گر شوکرانه‌ی نیعمه‌تی خوابکه‌ی خوا بوت زیاد ده‌کا و دوباره له شیعره‌کیدا زور شتی تیا رون ده‌کاته‌وه و اشاره ده‌کا به سوره‌ی نوح آیه‌تی ۱۰ واته ئه‌ی موسلمانان **استغفِروا ربّکم اَنّهُ کانَ غفاراً یُرسِلِ السّماءِ علیکُم مِدراراً و یُمدِرکُم بِأموالٍ و بنین و یجعل لکُم جناتٍ و یجعل لکُم انهاراً** زور داوای لی خوش بوون بکه‌ن له باره‌گای خوای خوتاندا چونکه خواله عه‌بدو به‌نده‌گانی خوش ده‌بی که داوای لێ خوش بوونی لی بکه‌ن. خوش بونی دنیا بریتیه له بارانی رحمت، زوری مالی رحمت، ئه‌ولادی صالح و به‌ره‌که‌ت له دغل‌و دان‌و زوری که‌له‌پوری دونیائیه و ئه‌گیرنه‌وه که مه‌وله‌وی له هه‌موکاتیکدا وردی زبانی وشه‌ی **لاحول ولاقوة الا بالله** بوه. بوچی؟ چونکی زانیوی‌تی که کلیلی به‌هه‌شته و خه‌زنیکه له خه‌زنه‌کانی به‌هه‌شت.

له ئیدامهٔ شیعره‌کدا مه‌وله‌وی ئه‌فه‌رمویت ئه‌گر تو چاوت یار نابینی و توزو گه‌ردو ئولفه‌تی بیگانه‌ی لی نیشتوه له جوگه‌ی کیلگه‌ی دل مشتی ئاوی محبتی پیاکه به‌لکو پاك ببیته‌وه و دوست ببینی، ئه‌گه‌ر هه‌ر نه‌ت بینی! واته مستی دلت ژنگاوی بو و چاوی دلت تانه‌ی له سه‌ر بو، قه‌یدی نیه، ئه‌گر تویش یار نه‌بینی یار زور جوان ئه‌دبینیت.

بیگانه‌و ئه‌ولفه‌تی بیگانه بریتیه له دنیاکه ئه‌لی ئه‌ی درویش له بیرت بی که حضرتی علی کرم‌اللهُ وَجه فه‌رموی. بو دُنیات ئه‌ونده تی‌بکوشه وا بزانه قه‌ت نامری و بو قیامه‌تیش ئه‌ونده تی‌بکوشه وابزانه هه‌رئیستی ئه‌مریت، تو که باوه‌شت به دنیاو دنیاپرستی و ماده‌پرستیدا کردوه بیری خواو قبریشت بیێ! مه‌گه‌ر نازانی که ئه‌فه‌رمویت **الدنیا جیفةٌ و طالِبُها کِلابها**، دنیا مرداره بوه و طالبی مرداریش سگه، توله و ضلالته خوت وه ده‌ربینه، و بیروه‌که که خوا خطاب به ملائکه فه‌رموی **اِنی جاعِلٌ خلیفةٌ فی‌الارض** تو خلیفه و نوینه‌ری ئیمه‌ی له سه‌ر زه‌ویدا.

ئه‌ی ئینسان وا خه‌ریك به‌که ببیته بونی ره‌حمه‌ت و به‌ره‌که‌ت بو عاله‌میك و هه‌ناسه‌ێ خواپه‌رستی راسته‌قینه و ره‌حمه‌تی خوا له تووه بلاو وه‌بیت.

مه‌وله‌وی ئه‌فه‌رمویت جا ئه‌مجاره‌که شه‌و به خه‌به‌رداری دانیشتی بو یادی یار، بیری

ئەو کاتانەی عومرت بکەرەوە کە بە بی‌سود بە سەر چون‌و کردەوە ناپاکەکانی خوت بینەرەوە بیرت وەڵیان پشیمان ببەرەوە و سەردانەوینە وینەی شەرمەزاران و ئاوی سەرچاوەی چاوت وەکە وەك لافاوی بارانی بەهار ودەفتەری رەشی خوت بە فرمیسکی چاو و سوزی سینە وەشو، بەلکو خواله گوناهەکانت خوش بیّ. لیرەدا ئیمە ئاموژگاری دەکات لام وایە ئەو عاشقە شیدایە، ئەو مخلصی ئەولیایە، ئەو پیاوە بە نرخە، لەکاتی وتنی ئەم شیعرەدا ئاموژگاری حضرتی ویس‌القرنی کە خیرُالتابعین بوە بیرکەوتوتەوە و شیعرەکانی بەگلوپ‌و چرای یادی ئەوە وەگەشەدار کردوە کە ئەفەرمویت: ئەگەر دەتان هەوی گەورە بن، خوتان بەگەورە مگرن، واتە تواضعتان ببیت، چونکە من زور لە گەورەیی گەرام تماشام کرد گەورەیی لە خو بەکەم گرتن دایە، ئەگر دەتان هەوی ببنە رئیس و پیاوەتیتان دەست کەوی ئاموژگاری خەلك بکەن و ریگای راستیان نیشان بەن. ئەگر دەتان هەوی شانازی بە سەر خەلکا بکەن، بە فەقیری رازی بن، چونکە فەخرو گەورەیی لە فەقیری‌دایە.

فەرموی ئەگەر شەرەفتان دەوی، قەناعەت بکەن، چونکە شەرافەت لە قەناعەت‌دایە. ئەگەر دەتان هەوی دەولەمند بن، تەوەکولتان بیت، چونکە دەولەمندی لە تەوەکولدایە. مەولەوی لە زوربەی شیعرەکانیدا و لە قصەوگفتگوی ناوگەل‌و هوزدا، رەوشتی خویّ ریك کردوە بە آیەتەکانی قورئانی پیروز و حەدیثە جوانەکانی پیغەمبەری گەورەو تمسکی کردوە بە دوستانی خووا، بویە لە زوربەی هەلبستەکانیا لە باسی یاردا ئەفەرمویت: دووری ئەو یارە رەگ‌و ریشەی پیستی لەشمی لە تەوقی سەرمەوە تا پەنجەی پیم هەموو لە یەك کردووتەوە و خوی بەر لافاوی فرمیسك ئەدات کە لە چاویەوە هاتوتە خوار، ئەلی ئازیز رەحمیکم پیّ بکە لە تاو دووری تو نەمرم بەلکو بمینمەوە بو زیارت کردنی بەر دەرگای مالەکەت.

زوربەیّ گریانەکیّ مەولەوی لە ترسی ئەو حەدیثەی حضرت بوە کە ئەفەرمویت: ئادمیزاد بە تەمەن پیر ئەبی، بەلام دوخو لەگەڵیا جوان ئەبنەوە، یەکەم تەماع، دوهەم

دریژی ئومید. تەماع یانی زوری حەزو ئارەزو لە دەولەمندی و پایەبەرزی و ئەم خصلتە ئینسان بە بەشی خووا نارازی دەکا چون زانیویتی کە تەماع هەژاری هەمیشەیی یە، بەلی تەماعو ئومید لە لای مەولەوی و باقی دیکەیْ زانایان لە ئیشی چاکەدا بەختیاریکی تەواوە. شتیکی ترکە ئەبی چاوی بصیرتی سەرخەن ئەوەیەکە بوچی مەولەوی بەو هەمو فضلو هونەرەوە چوتە مەجلیسی مشایخ و پیاوە بەرزەکان؟ و یا لە زوربەی قسەکانیا سوپاسی لە هەموکەس بە تایبەت لە مرشدان و خلیفەکانی طریقت کردوە؟

بو ئەوە بوەکە شارەزا بوەکە پیغەمبەریْ ئیسلام سلاوی لیْ بیْ فەرمویتی **من لم یشکُرالناس لم یشکُرالله** یەعنی کەسی خویْ وابیْ سوپاسی نعمەتی ئادمیزاد نەکا، ئەوە سوپاسی نعمەتی خوایش ناکا. سوپاس ئەمەیە ئینسان دان بنی بە نعمەتی خاوەن نعمەتا ولە ئەندازەی خویا بە زوبان تعریفی بکاوە حقوقی وفا رابگری، ئینسانیك کە طبیعەتی پیاوانە و ئەخلاقی مەردانە بو، هەرکەس چاکەیکی لەگەل کرد لە پیش چاویا، رای ئەگری، ئەگر ئەمەی نەکرد، بەگویرەی سوکی طبیعەتی خویْ سوپاسی خوایش ناکا. لیرەدا مەولەوی بەو بروایە گەیشتوەکە مرید ئەبی وەکو مردووابیْ کە لە بەردستی مردوشوردایە، مردوشور هەر جوریك بارەوباری کا، دەسلاتی نیە. بەلی بەراستی خوا ئینسانی طبیعەت نەرم و روخوشی خوش ئەوی، ماموستای پایەبەرز فەرمویتی ئەی خالوی دەرون پر لە خویْن، زور دەمیکە توسقالەکانی خوشەویستی لەیلی پرمەیل تیکەل بوون لەگەل وردە پارچەی لەشی مەجنونا، کەتویت! لە بەر ئەوە حەیفە ئاو ئەو لەشە بەریْ و لەگیژی خویا نوقمی کاو و خوشەویستی لەیلیشی لەگەلا بفەوتی، لە بەر ئەوە یار بەلەنجەو لارەوە بیت و نیقاب و عاباو پەچەیْ لا دات وبگاتە بەرەوە، ئەبی سالك روی دلەیْ خەفەتباری لەگەرمای خویْ و ئارەقی ناوچای یار بە جذبۀ عیشقەوە تیکەل بە ذیکرو فیکرو خزمتو طاعت و لیْ بُردنوقەناعەتو خوواشناسی وتوکلو تسلیم و عبدایتیو تحمل و خوراگری بکات! ئەوکاتەیەکە چەرخی چەپگرد بنیانی دوژمنایەتیەکەی ئەشکیتەوە و مرید بە علمیْ لدنی دەگات، مەولەوی لە تصوفدا

دەستیکی هەرە بەرزی بوە بویە لە دیوانەکیدا مەلا عبدالکریمی مدرس خوای لێ رازی بێ ئەیگیریتەوە و ئەفەرمویت! جاریکیان مەولەوی لە خانقای تەویڵە دەبێ، دێن بە دوایا کە بگەریتەوە بو مال، چونکا کوریکی نەخوش ئەبی، ئەمیش سوار ئەبی و ئەگریتەوە، ئەگەنە نزیك دێ هەناسەێك هەل ئەکیشی و فرمیسك بە چاویا دیتە خوار، هاورێ کەی عەرزی ئەکا بوچی وا عاجز بوی، مەولەویش ئەفەرموی، چون عاجز نەبم حەزرتی یەعقووب بو دلخوش بون بونی کراسی یوسفی کوری ئەدرا بە لووتیا کە چی من بونی کفنی کورەکەم ئەدری بە لوتما، کە ئەگەنە مالەوە ئەزانن لەو کاتەدا ئەو هەناسەکەی هەلکیشا خەریکی کفن کردنی کورەکە بون و ئیدامەی ئەدات کە بە بوتەی مردنی ئەم کورەیەوە (شیخی بهاءِالدین) کە استاد و مرشدی مەولەوی بوە ئەچی بولای بو سەرەخوشی، مەولەوی بە هاتنی شیخ ئەوندە خوشحال ئەبی، وەجدئەی گری و ئەکەویتە جذبۀ عیشقەوە، ئەلی حەزم دەکرد تا ماوم سالی کوریکم بوایە و بمردایە بەو شەرتە تو هەموجارێ بهاتیتایە بولامو سوودی روحیم لێ وەربگرتیتایە، بەڵی ئازیزان مرحلۀ عشق و جذبەوکرامات تا ئەو رادەیەکە سالکان پێ دەگەینی، بلام ئیمە لە ئاشقانی دین بیخەبەرین بویە سەعدی ئەفەرمویت مەرجی ئاشقی پیوان و خوراگری لە حەوت قوناخەکە بریتیە لە درگای ویست و ئارەزو عشق و علاقە و دەرك و مەعریفەت، استغناء و خواناسی و لە ئاخردا سەرگەردانی و فەقیری ئەمانەن کە سالیك ئەخەنە جذبەو وجدو پلەی صفاو وفاوە، خوینەری خوشەویست باش بزانە ئیمە لە ژیان و تەمنی خوماندا هەر فیر بوین بخوین و بخەوین باقی دێ کەی ئاداب و دستورە ئایینیەکانمان خستوتە صندوقی بیخەبەرێ و هەر فیرین ئیتقاد بنوسین ئیتر هەول نادەین کە بارودوخی ولاتەکمان بخینە بە چاو بو ئەم مەنظورە بەلگەی گرینگ هەیە بو هەر کاریک بو هەر جییك بچی؟ هەر ئەلین بە من چی؟

ئەگەر بلین سقز روچو کاکم دەلێ بە من چی؟

یا خو بلین جستان رویشت جواب ئەداتو بە من چی؟

دەلین فلانی کوچی کرد، جا چی لێبکم بە مـن چـی؟

فـلسطین بـوبە ویـرانـە، مـن چـی بـلیم، بـە مـن چـی؟

خەلکی بوسنی هەمو کوژران، چیان لێ بکم بەمن چی؟

مـزگەوتی بـابری روخـا، هـینی هـندە بـە مـن چـی؟

مُسـلمان قـتلو عـام کـرا، لە مـن دورە بـە مـن چـی؟

ئەگـر بـلین دنـیا روچـو، ئـەو سـادەلی بـە مـن چـی؟

بـلام ئـەگـەر بـلین دیـنار بـە دیـن لە هـەر جـێ

هـەمو دەرویـن، بـەرەوپیری ئـیتر نـالین بـە مـن چـی

ئازیزان دەردی قەرن سلطە مادیاتە بە سەر معنویاتا بویە ئەگر ئینسان دراوسیکی بینی کە لە برسا ئەمری دلی داناچلەکێ!

ئازیزان هیوادارم ئینسان بگا بەو قناعەتەکە دێن نەفروشی بە دینارو دین سلطە پـەیا بکاتەوە بە سەر دینارا، ئەوکاتەیەکە عـارف و خـواشـناس زور دەبـن و دونـیا دەبـیتە بەهەشتی بەرێن و خراپەکاری لە بەین دەچی؟

ئیتر لە خووا داوای سەعادەت و سەربەرزی و تەرقی مسلمانان دەکم

بانە ـ ۷۱/۱۰/۱۴